

**زنجیره وتووێژ لەسەر مۆسیقای کوردی: سەلاح ڕەوف**

لە دایکبووی١٥/٣/١٩٥١ عەربەت - سلێمانییە، خانەی مامۆستایانی لەساڵی ١٩٦٦بۆ ١٩٦٩ تەواو کردووە، ١٩٦٨بووەتەئەندامی تیپی مۆسیقای سلێمانی و ئەندامی تیپی مۆسیقای چالاکی هونەری پەروەردەیی سلێمانی، وەک ئامێر ژەن و مامۆستایەک، لە ساڵی ١٩٧٧-٧٨ خولی شارەزایانی مۆسیقا لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغداد بە پلەی نایابی یەکەم لەسەر ئاستی عیراق وەرگرت، یەکێک بووە لەدامەزرێنەرانی بەشی مۆسیقای پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی لەساڵی ١٩٨٣، هەروەها لەساڵی ١٩٧٧ تیپی مۆسیقای پیرەمێردی دامەزراندووە کە لەسەرەتای ئەو تیپەدا منداڵانی تێدا فێری مۆسیقا کردووە و پاشان بووەتە تیپێکی باشی سەردەمی خۆی تا ساڵی١٩٩١، بۆیە یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی تیپی مۆسیقای منداڵان لە شاری سلێمانی، هاندەرێکی باشی منداڵانی ئەو سەردەمە بووە و چەندین کاری وەک تۆمارکردنی مۆسیقاو گۆرانی و ناساندنیان بە مۆسیقا بۆ ئەنجام داون، کە ئێستا چەندین هونەرمەندی خاوەن ئەزموونیان تێدا هەڵکەوتووە، هەروەها ئەندام بووە لە تیپی مۆسیقای شۆڕش لەساڵی ١٩٧٤ بۆ ١٩٧٥، پاشان لە ساڵی ١٩٩٨ لە وڵاتی هۆڵەندا ئەندامی کارای تیپی مەڵتی کەلتووری هۆڵەندی میودانتا بووە و دواتر ئەندامی کارای تیپی سیمفۆنی ئەپڵدۆرنی هۆڵەندی بووە تا ئێستاش بەردەوامە، ڕاهێنەری مۆسیقای تیپی هونەری میللی نەتەوەیی سلەیمانی بووە لە ساڵی ٢٠٠٠بۆ ٢٠٠٨، خاوەنی پتر لە ١٤ کۆراڵە (گۆرانی بەکۆمەڵە)، مامۆستا سەڵاح بێجگە لە ژەنین خاوەن چەند پەرتووکێکی تایبەت بە مۆسیقایە لەوانە (فێربوونی کەمانچە، تیۆرەکانی مۆسیقا، پۆلێنکردنی پەیژەکانی مۆسیقای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چەندین نوسین و بابەتی دیکە بە تایبەت بە نۆتەکردنی مۆسیقا و گۆرانی کوردی لەرۆژنامەو ماڵپەڕە کوردییەکاندا) هەروەها بەشداربووە لە هەموو بۆنەو ئاهەنگەکانی تیپی مۆسیقای سلێمانی لەساڵی ١٩٦٩ تا ئێستا، خاوەنی چەندین ئاوازو مۆسیقایە بۆ گۆرانی بێژانی وەک (کەریم کابان، عوسمان عەلی، عەدنان کەریم، ئەسعەد قەرەداغی، پەیمان عومەر، عەباس محەمەد، ئاڵاَ عومەر، دیاری قەرەداغی، ئەمەل سەعید، ئاڤان جەمال، تارا رەسوڵ و چەندانی تر....) چەندین کاری مۆسیقی و ئاواز دانانی بۆ دراما کورییەکان ئەنجامداوە لە وانە دانانی ئاواز بۆ یەکەمین فلیمی سینەمایی کوردی (نێرگز بوکی کوردستان) هەروەها درامای (ژاڵە، گوڵاڵە) و چەندانی تر...، پاشان لەساڵی ٢٠٠٧ و لە رۆژی مەرگەساتی ئەنفال، لە گەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی و پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی بەرهەمی (گۆڕستانی چراکان) لەهۆنراوەی شێرکۆ بێکەس، کە بریتی بوو لەپێشکەش کردنی ٥٠ دەقیقە لە موزیک و گۆرانی و نواندنی شانۆییەک لە گەڵ تیپی هونەری میللی سلێمانی. ساڵی ١٩٩٧ کوردستانی جێهێشتووە و ئێستا لە گەڵ هاوسەری و دوو کوڕ و دوو کچیدا دەژی و هەر لەو وڵاتەدا

سەرقاڵی کاری ژەنین و بە نۆتەکردنی پەیژەکانی مۆسیقای کوردیە. لە دوای ساڵەکانی ٢٠٠٤ وە لە هەوڵی فراوان کردنی ئاستی رۆشنبیری هونەری نەتەوەکەیدا بووە بە:
١- دۆزینەوەی یاسای بازنەی پێنجی (Qwint Circle) بۆ پەیژەکانی مۆسیقای کوردی لەسەر بنەمای داهێنانەکەی (جان فیلیپ رامۆ)ی فەرەنسی لە سەدەی حەڤدە بۆ مۆسیقای ئەوروپی.
٢- پۆلێنکردنی پەیژەکانی مۆسیقای کوردی لەسەر بنەکایەکی زانستی و دەست نیشانکردنی هەردوو پەیژە گەورەی راست و عەجەم (بیانی) و پەیژە کانی سەر پلە دەنگیەکانی تریان.
٣- دوزینەوەی ئەرماتورا (ڕابەری پەیژەی مۆسیقا) بۆ مۆسیقای کوردی و رزگار کردنی مۆسیقای کوردی لە مێتۆدەکانی میللەتانی دراوسێ وەکو مێتۆدی گۆشەی فارسی و رەگەز و گرێ ی مۆسیقای عەرەبی تورکی.

کتێبەکان:

https://www.kurdipedia.org/files/books/٢٠١٧/١٣٩٠٣٩.PDF?ver=١٣٢٣٨١٥١٥١٠٨١٠٧٦٥٣

https://www.kurdipedia.org/files/books/٢٠١١/٦١١٦٤.PDF?ver=١٣٢٣٨٠٧١٣٩٩٦٩٢٣٧٣٨

https://www.kurdipedia.org/files/books/٢٠١٢/٦٧٣٣٦.PDF?ver=١٣١٢٨٨٧٤٦٤٢٩٧٦١٤٠٣

https://www.kurdipedia.org/files/books/٢٠١٧/١٣٩١٤٠.PDF?ver=١٣١٣٦٨٢٦٨٥٧٧٧٦٤٦٦٧

https://www.kurdipedia.org/files/books/٢٠١٢/٦٧٣٠٧.PDF?ver=١٣٢٢٨٤١٧٠٧٨٤٠٩٢٥٤٥

https://www.kurdipedia.org/files/books/٢٠١٣/٧٥٧٦٩.PDF?ver=١٣٠٠٥٢٦٢٠٣٠٩٥٥٠٨١٨

https://www.kurdipedia.org/files/books/٢٠١٢/٦٣٦٧٣.PDF?ver=١٣٠٥٢١٦٢٩٨٠٠٨١٨١٧٧

وەرگیراوە لە کوردیپیدیا

---

## 1 - کاتێک باس لە مۆسیقای کوردی دەکرێ، مەبەست چییە؟

**سەڵاح ڕەوف:** (( مۆسیقای کوردی )) واتا زمانی ساز و ئاوازی کوردی ، لەهەموو دنیادا بەهەمان زمان پێناسە ئەکرێ ، بەڵام مەبەستە سەرەکیەکە بریتییەلە بێژان و ژەنینی ئاوازە مۆسیقاییەکان بە دەنگی مرۆڤ و ئامێرە مۆسیقاییەکان.هەروەها ئەتوانیین بڵێێن مۆسیقای کوردی پێک دێت لە دوو جۆر ئاواز کە بریتین لە
ا- بەستە : بریتییەلە ئاوازێکی مۆسیقایی (بەدەنگی مرۆڤ یان ئامێری مۆسیقایی) خاوەن ڕیتمی تایبەت و پەیژەمۆسیقایی تایبەتی خۆی.
ب- مەقام (موغام – وشەیەکی ئازەربایجانیە ، بەمانای ئاوازی ڕیتم سەربەست). بریتییەلە ئاوازێکی مۆسیقایی ( بەدەنگی مرۆڤ یان ئامێری مۆسیقایی ) ڕیتم سەربەست ( واتا وەکو فۆرمی مۆسیقایی کە ئامێری ڕیتمی لەگەڵ بەکارنابرێ )، بۆنمونە فۆرمەکانی قەتار و خاوکەر و ئەلاوەیسی و خورشیدی...هتد ) و پەیژە مۆسیقایی تایبەتی خۆی کە

ئامێری ڕیتمیان لەگەڵ بەکار نایەت. کەواتە مەبەست لە مۆسیقای کوردی ئەو دوخاڵەیە کە باسمانکرد.

**2 - تایبەتمەندییەکانی مۆسیقای کوردی لە چیدا خۆیان دەنوێنن؟**

**سەڵاح ڕەوف:** هەموو نەتەوەیەک خاوەنی مۆرکی ڕەسەنی ئاوازو مۆسیقای خۆیەتی،مۆسیقای کوردیش تایبەتمەندی جوانی هەیە کە ئەشێ مۆسیقا زانان یاداشتی بکەن، لەبەر ئەوەی مۆسیقای کوردی وەکوو هەموو زمانی مۆسیقایی گەلانی جیهان تایبەتمەندی خۆی هەیە کە ئەشێ بەشێوەیەکی زانستی یاداشت بکرێت تا گەلی کورد و سەرانسەری گەلانی جیهانیش لێی سودمەند بین، بەڵام بەداخەوە تائێستا ئەو هەنگاوە هونەریە گرنگە نەنراوە، من واهەست ئەکەم کە ئەوە کاری تاکەکەس نییە، و ئەشێ دەسگا هونەری و کەلتوریەکان بیگرنە ئەستۆ بەڵام بەشێوەی زانستی نەک هەڕەمەکی. ئەشێ ڕێبازێکی گرنگی تیابەکار ببرێت، وەکو ئەو ڕێبازەی (جان فیلپ ڕامۆ) ی فەرەنسی بۆ مۆسیقای ئەوروپی بەکار برد.

**3 - بنەمای مۆسیقای کوردی لە سەر چی ساخ دەبێتەوە و چۆن پێناسە دەکرێ؟**

**سەڵاح ڕەوف:** وەکو وتم مۆسیقای کوردی خاوەنی ڕەچەڵەکێکی پتەوە، و کەس ناتوانی حاشای لێبکات ، ئەو هەوڵ و کۆششانەی دەنگ بێژە کوردیەکان ئەنجامیان داوە، بەڵگەیەکی بێ ئەندازەیە بۆمۆرکی ڕەسەنی کوردی،هەر بەدەنگی ئەوان مۆرک و ڕەسەنایەتی هونەری کوردی تا ئێستا پارێزراوە، جا گەر ئەو بەڵگە ڕەسەنانە بەشێوەیەکی زانستی و دوور لەهەڵەکانی مۆسیقای عەرەبی و تورکی و فارسی، یاداشت بکرێن، ئەوا زۆر بە ئاشکرا ئەتوانرێ بنەماکانی پێناسە بکرێن. گەروانەبێ ئەوا وردەوردە ئەوانەشمان لەچنگ دەرئەچێ.

**4 - مێژووی مۆسیقای کوردی چەندە کۆنە و ئەو ئامێرانەی بە کوردی دەناسرێن، کامانەن؟**

**سەڵاح ڕەوف:** مۆسیقای کوردی خاوەنی مێژویەکی زۆر دێرینە،پێناسەکردنی ئەو مێژوە زۆر بەئاسانی دەستنیشان کراوە، ئەگە گەلە چەوسێنەرەکانی دراوسێمان بهێڵن و مۆسیقا زانانی خۆشمان خۆیانی لێ بێدەنگ نەکەن ، ئەوا مێژوی مۆسیقاکەمان مێژویەکی پرشنگدارو بڵندە. هەرچەندە لای من گرنگ نییە پێناسەی ئامێرێکی کوردی کۆن بکەم ،یان نا، تا ئەوساتەی کە بتوانین پێناسەی سەرەکی ئاوازو مۆسیقای کوردی بکەین. لەگەڵ

ئەوەشدا وەکو ئاشکرایە ئامێری تارو سێتار لەوئامێرە مۆسیقاییانەن کە هەزاران ساڵە لەناوکوردا بەکاردەبرێن.

**5- ئەو لایەنانەی مۆسیقای کوردی لە مۆسیقای "ئێرانی" جیا دەکاتەوە، کامانەن؟**

**سەڵاح ڕەوف:** بەڕای من وشەی (مۆسیقای ئێرانی) بەکارهێنانی بۆ پێناسەکردنی مۆسیقا لەئێرانا بۆ کەلتوری مۆسیقای گەلانی فارس و کورد و ئازەری و چەندین قەومی تر ئەکات. باشتر وایە پرسیارەکەتان بەم جۆرە بێت باشترە : ئەو لایەنانەی مۆسیقای کوردی لە مۆسیقای "فارسی" یان گەلەکانی تری دانیشتوی ئێران جیا دەکاتەوە، کامانەن؟

**6- بە چیدا دەزاندرێ ئەوە مۆسیقای کوردی، ئێرانی، عوسمانی و بێگانەیە؟**
**سەڵاح ڕەوف:**

هەرقەومەو خاوەنی پێناسەی مۆسیقای خۆیەتی. ئەم دیاردەیەش لە ساتی ژەنین و بێژانی هەمووجۆرە ئاوازەکانا ئەتوانرێ دەستنیشان بکرێت،بەداخەوە مۆسیقای گەلانی ڕۆژهەڵات تابێت بەرەو تێکدان و خراپکردن دەڕوات لەبەرئەوەی هەرهەموو مۆسیقا زانەکانی ئەم میللەتانە هەیە هەمویان هەر پاشکەوتەی هەڵە گەورەکانی زەریاب و فارابین کە سەدان ناوی جیاوازیان بۆیەک جۆر لە پەیژەی مۆسیقا ناوە. بۆنموونە لە نوسراوەکانی زەریاب و فارابی ناوی زیاتر ١٤٠٠ ناو بۆ مەقامەکوردیەکان هاتووە،بەڵام لە نوسراوەکەی (کتێبەکەی ) سەلیم الحلودا ئەڵێ نزیکەی ٤٠٠مەقام هەیە. لەپاش ئەوان عەبدولڕحمان الچبقچی لە کتێبی پەیژەکانی مۆسیقای عەرەبیدا ئەڵێ ئەوانە ڕاست نین و گەڕاوەتەوە بۆ سەدەی ١١هەم و میتۆدی مۆسیقای کەنیسە کە ئەڵێ : ئێمەی عەرەب تەنها نۆ(٩) پەیژەی مۆسیقامان هەیە. منیش پێیان ئەڵێم ئێمەی کورد خاوەنی دووپەیژەی مۆسیقایین:

١-پەیژەی گەورەی ڕاست (پەیژەی دوو سێچارەکەدەنگی دار) .

٢- پەیژەی گەورە- عەجەم ( ماجۆر ).

کە هەریەکە ولەم دوپەیژەیە پەیژەی نوێ لەسەر پلەدەنگیەکانی شەشەم و سێهەم و چوارهەم و پێنجەم بنیات ئەنرێ بەهەمان ڕابەری پەیژە مۆسیقاکە.

**٧- دووری و نزیکی مۆسیقای کوردی لە دەستگاکانی ئێرانی وعوسمانی چەندە و ئایا مۆسیقای کوردی بە بێ دەزگاکانی ئەوان خۆی ڕادەگرێ و پەرە دەستێنێ؟**

**سەڵاح ڕەوف:** یەکێ لەهەرە پێناسەخراپەکانی مۆسیقا لەڕۆژهەڵاتی ناوەراست، ناونانی تازە لە پەیژە مۆسیقاییەکان. زۆر بەداخەوە ئەڵێم کە ئەم زیادکردنە تەنها بۆسەرلێ شێواندنەو هیچی تر . من لە پرسیاری یەکەمدا بە ڕونی باسم کردووە، ئیتر لای فارسەکان پێی ئەڵێن دەستگا و لە لای نەتەوەکانی تر ناوێکی تری هەیە ، ئەمە جگە لە سەرلێشێواندن هیچی تری تیانییە،زۆر بەداخەوە ئەڵێم ووشەی دەستگا لای هەندێ کەس جارێک وەکو پەیژەی مۆسیقا بەکاری ئەبات و لای هەندێکی تر وەکو پێناسەی مەقام. ئەمەش هەر سەرلێ شێواندنەو هیچی تر.

**٨- دەزگاکانی مۆسیقای کوردی سەربەخۆ و تایبەت بە کورد، کام دەزگەلن؟**
**سەڵاح ڕەوف:**

وەکو باسمکرد ووشەی دەستگا زۆر بەچەواشەکراوی باسئەکرێت، لەبەر ئەوەی لای هەندێ کەس لە جیاتی بەشێکی پەیژەی مۆسیقا بەکار دێت و یان پەیژەیەکی مۆسیقا و لای هەندێ کەس وەکو فۆرمێکی مۆسیقا (مەقام) باسی لێ ئەکرێ. لەبەر ئەوە ئەشێ ئێمە بە وردی و بە باشی پێناسەی ئەوجۆرە مۆسیقایانەی خۆمان بکەین و ئەوەی من گەیشتومەتە ئەنجام لێی میللەتی کورد خاوەنی مەقام گەلێکی زۆر پڕ جوانی هونەریە بۆیە ئەشێ بەزوترین کات بە ڕێگایەکی زانستی پێناسەی هونەریان بۆ بکەیین. ئەوەی جێی شانازییە کە لەهەموو پارچەکانی کوردستان خاوەنی چەندین فۆرمی ( مەقام ) جوانین .

**٩- ئایا لاوک و حەیران و ئای ئای و بەندی وەک ئازیزە و گەلۆ و سوارۆ و... لە ناو مەقام و دەستگاکاندا جێیان دەبێتەوە، یان شوناسێکی تایبەتیان هەیە؟**

**سەڵاح ڕەوف:** بەڵێ لاوک و حەیران و ئای ئای و ....هتد .مەقامێکی تایبەتی کوردن و هەریەکەیان خاوەنی پەیژەمۆسیقایەکی تایبەتی خۆیەتی،لەهەمووپارچەکانی کوردستان نمونەی مەقاماتی وامان هەیە، کە ئەشێ بەڕێگای زانستی هەمویان پۆلێن بکرێن.

**١٠- ئەگەر هەیە، کامەیە؟**

**سەڵاح ڕەوف:** زۆرن.. وەکوباسمان کرد ناوچەی ڕۆژهەلات خاوەنی چەند فۆرمێکی (مەقام) تایبەتی خۆیەتی و هەندێکیان ناوی تایبەتی خۆیان هەیە و هەندێکیان بەناوی پەیژە مۆسیقاییەکانیانەوە بانگ ئەکرێن هەندێکیان ناوێکی تایبەتی هەیە وەکو مەقامەکانی بەیت و

بالوره ...هتد.له باشوری کوردستانیش چەندین جۆری ئەو مەقامانە هەیە وەکو: حەیران و قەتار و خاوکەر و ئەڵاوەیسی و خورشیدی...هتد له باکور و خۆرئاواش چەندین لەو جۆره مەقامانه هەیە وەک مەقام و فۆرمی لاوک بەهەموو جۆرەکانیەوە.

**١١- ئایا بەیت، کە لە ژێر ناوی جیاواز و بە زاراوەگەلی کوردی، دەگێردرێتەوە، چەند گرێدراوی مۆسیقا و چەشنەکانی دەربڕینی مۆسیقاییە؟**

**سەڵاح ڕەوف:** وەکو وتمان بەیت فۆرمێک (مەقامێکی) کوردی ڕەسەنە، ئەشێ هەموو جۆرەکانی بەڕێگای زانستی و نۆتە یاداشت بکرێت تا لەدەست نەچوون.

**١٢- چۆن دەکرێ مۆسیقاکەمان لە مۆسیقای بێگانە جیا بکەینەوە، بۆ ئەوەی ناسنامەی مۆسیقای کوردی وەرگرێ؟**

**سەڵاح ڕەوف:** مۆسیقای ئێمە لەگەڵ گەلانی تردا جیاوازیان زۆرە، وەکو فۆرم ( بەستەو مەقام) یش،کاری زۆر کراوە،بەڵام بەداخەوە تەنها لەلایەن ستران و مەقام بێژان بە چڕینەکانیان پارێزراون، گەر نەکەوینە خۆمان ئەوا بەرەو نەمان ئەچن، بەڵام ئەشێ ئاگادار بین کە بەشێوەی هەڵە نەنوسرێنەوە.

**١٣- کام ئامێری مۆسیقایی بۆ مۆسیقای کوردی گونجاوترە؟ کام ئامێری گەلانی ناوچەکە؟ کام ئامێری مۆسیقای ڕۆژئاوایی؟**

**سەڵاح ڕەوف:** بەڕای من مۆسیقای کوردی ئەوەندە پتەوە کە بۆ هەموو ئامێرێکی مۆسیقایی گونجاوە ، هەرچەندە هەندێ ئامێری وەکو شمشاڵ و دەف وساز و تەمیرەو سێتار و باڵەبان و زوڕنا، گیانیان ئاشناترە بەمۆسیقای کوردی، بەڵام ئەو ساتەی کە مۆسیقای کوردی خۆمان بەشێوە زانستیەکان پۆلێنکرا ئەوە گیانی ئەچێ بە بەری هەموو ئامێرە مۆسیقاییەکانی جیهانیشدا.

**١٤- ئێمە بە شمشاڵ و دەفە و سێ تار و ئامێرەکانی هاوشێوە، چەندە بوارمان بۆ پێشکەشکردنی مۆسیقای کوردی هەیە؟ کام ئامێری نەتەوەکانی تر لە گەڵ ئۆرکێستری مۆسیقای سەردەمیانەی مۆسیقای کوردی دەگونجێن؟**
سەڵاح ڕەوف:هەر وەڵامەکەی پرسیاری سیازدەهەمە ..........! هەرساتی تیۆرەکانی مۆسیقامان بەشێوەی زانستی پۆلێن کرا، ئەوا زۆر بەئاسانی ئەکرێ بەبەری هەموو ئامێرە مۆسیقاییەکاندا.

**١٥- لێرە و لەوێ ناو لە ئورکێستری کوردی ئەم شار و ئەو شاری کوردستان دەبرێ، ئایا ستانداردێک بۆ سازکردنی " ئۆرکێستری کوردی" هەیە؟ گەر هەیە، دەبێ چۆن بێ؟**
**سەڵاح ڕەوف:** پرسیارێکی زۆر بەجێ یەو پێویستی بەوەڵامێکی گونجاوە... وەکوو وتمان

مۆسیقای کوردی خاوەنی گیانێکی پتەوە،بەڵام باری زانستیەکەی لاوازە، بۆ ئەشێ دەستبکرێت بەنوسینەوەی ئەو ئاوازانەی کە گۆرانیبێژە میللیەکان چڕیویانە، بکرێنە نۆتەی مۆسیقا بەڵام لەسەر ڕێی زانستی نەک هەڕەمەکی،گەر بکرێت ئەوا بە ئاسانی سایەی مۆسیقای کوردی بەرەوباڵا ئەچێ، ئەتوانرێ لەسەربنەمای جیهانی ئۆرکێستی کوردیمان هەبێ بەڕەچاوکردنی ئەم خاڵانە:

١-جۆری دەنگە مۆسیقاییەکان پێکهاتون لە :

ا- بچوکترین دەنگ ی نۆتەی مۆسیقایی نیو پلە دەنگییە .

ب-پلەی سێ چارەکەدەنگی.

ج- دەنگی تەواو.

لەسەر بنەمای ئەم پلەدەنگیانە هەڵس و کەوت لەگەڵ دەنگەکانی مۆسیقای کوردی بکرێت و بەهەموو جۆرێ ئەوەلەبیر بکرێت کە کە پلەی چارەدەنگی هەیە.

٢- ئێمەی کورد خاوەنی دوو پەیژەی مۆسیقاین.

ا- پەیژەی گەورە ( ماژۆر – عەجەم ) کەپلەدەنگیەکانی بریتین لە :

دۆ – ڕێ – می – فا – سۆڵ – لا – سی - دۆ
واتا ١ - ١ - ١/٢ - ١ - ١ - ١ – ١/٢

ب – پەیژەی ڕاست ( گەورەی دوو سێچارەکە دەنگی دار).
دۆ – ڕێ - می سێجارەکە دەنگی – فا – سۆڵ – لا – سی سچارەکە دەنگی – دۆ
واتا ١ - ٣/٤ - ٣/٤ - ١ - ١ - ٣/٤ - ٣/٤

٣- ئاگاداری ڕابەری پەیژەی هەر یەک لە پەیژەکانی مۆسیقا بین و تێکەڵاویان نەکەیین. ئەوە لە بیر نەکەیین کە هەر یەکی لەو دووپەیژە مۆسیقاییە خاوەنی چەند لێکەوتەیەکی پەیژە مۆسیقایە و بەهەمان ڕابەری پەیژەکە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەکرێ، بۆنموونە

ا- پەیژەی گەورە (عەجەم) ، چوار پەیژەی سەر بە میانەدەنگیەکانی خۆی لی دروست ئەکرێ و ئەشێ بەهەمان ڕابەری پەیژە هەڵسو کەوتیان لەگەڵ بکرێ بۆ نموونە:
١- پەیژەی سەرپلەی شەشەمی پەیژەی گەورە کە نازناوی پەیژەی (نەهاوەند) یان مینۆری هەیەو چەندجۆرێکە.
٢- پەیژەی سەرپلەی سێهەمی پەیژەی گەورە کە نازناوی پەیژەی (فریجی) یان پەیژەی (کوردی) هەیەو چەندجۆرێکە.
٣-پەیژەی سەرپلەی چوارهەمی پەیژەی گەورە کە نازناوی پەیژەی (هومایۆن)ی هەیەو چەندجۆرێکە.
٤- پەیژەی سەرپلەی پێنجەمی پەیژەی گەورە کەنازناوی پەیژەی (حیجاز عەجەم) ی هەیەو چەندجۆرێکە.

ب- پەیژەی گەورەی دووسێچارەکە دەنگ (ڕاست )
چوار پەیژەی سەر بە میانەدەنگیەکانی خۆی لی دروست ئەکرێ و ئەشێ بەهەمان ڕابەری پەیژە هەڵسو کەوتیان لەگەڵ بکرێ بۆ نموونە:

١-پەیژەی سەرپلەی شەشەمی پەیژەی گەورە کە نازناوی پەیژەی (بەیات) ی هەیەو چەندجۆرێکە.
٢- پەیژەی سەرپلەی سێهەمی پەیژەی گەورە کە نازناوی پەیژەی (سێگا) ی هەیەو چەندجۆرێکە.
٣-پەیژەی سەرپلەی چوارهەمی پەیژەی گەورە کە نازناوی پەیژەی (چوارگا)ی هەیەو چەندجۆرێکە.
٤- پەیژەی سەرپلەی پێنجەمی پەیژەی گەورە کەنازناوی پەیژەی (حیجاز ڕاست- نیاز) ی هەیەو چەندجۆرێکە.

٤- ڕەچاوی بازنەی پێنجی هەردو پەیژەی ناوبراو ( ڕاست و عەجەم) بکرێت و لەسەر بنەماکانی ئەو گەشە بە فۆرمە مۆسیقایەکان بدرێ.
ئەوساتانەی ئەم ڕێنماییانە بەپوختی ڕەچاوکرا ئەوا ئەتوانرێ بەتایبەتی مۆسیقای کوردی شان بەشانی مۆسیقای جیهانی هەنگاو بنێ . بەڵام بێ ڕەچاوکردنی ئەم ڕێنماییانە ئەوا تەنها ئەتوانرێ ئۆرکێستی مۆسیقای سیمفۆنیمان لەبەرگی مۆسیقای ئەورووپیدا هەبێ ، بۆیە هیوادارم کە هەوڵ بدەین مۆسیقای کوردی بەرەو باڵا بچێت

**١٦- لە شارەکانی کوردستان دەورە و وانەی مۆسیقا هەیە و منداڵ و لاو و گەورە لەو شوێنانە فێری ژەندنی ئامێری مۆسیقا دەبن، چەندە بنەمایەکی گشتی بۆ فێرکردن و ڕاهێنانی مۆسیقای کوردی هەیە؟**

**سەڵاح ڕەوف:** هەر لەدێر زەمانەوە ئەو ئەو دیاردەیە هەیە.. بەڵام بۆ فێربونی مۆسیقا بەگشتی بووە، نەک بەتایبەتی بۆ فێربوونی مۆسیقای کوردی، ئەشێ هەوڵ بدرێت ئەو ڕێنمایانەی لە وەڵامەکانی پرسیاری ١٥دا باسمان کردوە بکرێتە سەرچاوەیەک تا ئەو خولە مۆسیقاییانە ببێتە سەرچاوەیەکی باش بۆ فێربوونی مۆسیقای کوردی.

**١٧- ئایا ناکرێ لە شارەکانی کوردستان فێرگەی مۆسیقا و مۆسیقای کوردی لە سەر بنەمای دیاریکراوی گشتی دابمەزرێ؟**

**سەڵاح ڕەوف:** بۆنا ئەوە ئاواتی هەرگەورەی منیشە بەڵام لەپێشا ئەشێ پلانی ڕاستەقینەی فێرکردنی مۆسیقای کوردی بێتە ئاراوە ، گەر وانەبێ هەر لەسەر بنەماکانی مۆسیقای جیهانی ئەبێت، گەرواش نەبێت ئەوە بنەما هەڵەکانی مۆسیقای زەریاب و فارابی بەکاردەبرێت وبەهیچ جۆرێک چاوەڕێی پێشکەوتنی لێ ناکرێ.

**١٨- زانستگا و فێرگەی باڵا بۆ خوێندنی مۆسیقا و مۆسیقای کوردی چ دەورێکی لە پێشخستنی مۆسیقای کوردی هەیە؟ بۆچی لەو چەشنە زانستگا و فێرگانە لە کوردستان، نابیندرێ؟**

**سەڵاح ڕەوف:** هەرساتی بەرنامەی خودی مۆسیقای کوردی بە شێوە زانستیەکە بوو ئەوا بەرەو پێش چون ئەچێ ، گەر وا نەبێ هەر بەوجۆرانەی ئێستا بەردەوام ئەبێ

**١٩- ئایا پێویست نییە فێرگە بۆ گۆرانیبێژان دابمەزرێ بۆ ئەوەی، ئەوان لە ڕێگای زانستییەوە دەنگیان ڕاهێنن و شارەزایی لە مۆسیقا پەیدا بکەن؟**

**سەڵاح ڕەوف:** ڕێگەی زانستی لەبواری مۆسیقادا پاڵپشتی هەموانە جا ستران بێژ بێت یان ئامێر ژەن، بۆهەردوولا بەئاستی یەک پێ ویستە.

**٢٠- گرفتەکانی سەر ڕێگای دامەزراندنی کۆنسێرواتوار و ئەکادێمیای مۆسیقا بۆ ڕاهێنانی لاوان چن؟**

سەڵاح ڕەوف: کۆنسێرفاتوار و ئەکادێمیای مۆسیقا ئێستا لە کوردستان بونیان هەیە، و لەسەرئاستی مۆسیقای ئەوروپی مۆسیقا فێرئەبن ، هەندێ جاریش بەناو مۆسیقای ڕۆژ هەڵاتی بەڵام بەداخەوە تیۆرەکانی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی ڕەچاوی بەرەو پێشچونی مۆسیقای لێناکرێ و ئەبێ بەزوترین کات لەهەوڵێ بەزانستی کردنی تیۆرەکانی مۆسیقای کوردیدا بین.

**٢١- چی دەبێ بکرێ بۆ ئەوەی مۆسیقا وەک وانە لە فێرگەکان بگوترێتەوە؟**

**سەڵاح ڕەوف:** ئەوە کاری پەروەردەیە و لەدێرزەمانەوە وانەی سرود لە قوتابخانەسەرەتاییەکاندا هەیە بەڵام هەر بەو شێوەیە کە لێی دواین ، بۆیە ئاواتەخوازم وانەی سرود و مۆسیقا لەهەموو قۆناغەکانی خوێندندا هەبێ و گرنگی پێ بدرێ.

**٢٢- کەی و چۆن دەتوانین ئۆپێرای کوردیمان لە سەر بنەمای کلاسیکەکانمان هەبێت وەک ئۆپێرای مەم و زین و خەج و سیامەند و....**

**سەڵاح ڕەوف:** ئەوەش هەرپەیوەستە بە بەزانستکردنی تیۆرەکانی مۆسیقای کوردی، ئێمە کەرەسەی باشمان لەبەردەستایە تا ئەوکارانە بکەیین بەڵام بەداخەوە، بەدەگمەن تیۆرەکانی مۆسیقای کوردی لەئاستێکی باڵادا و بەشێوەی زانستی بەکاردەبرێ .

**٢٣- کەی و چۆن دەتوانین ئۆرکێستریکی سیمفۆنیکمان هەبێت؟**

**سەڵاح ڕەوف:** ئەوساتەی کە پایە و بنەمای تیۆرەکانی مۆسیقامان شایستەی ئۆرکێستێکی باڵابێ، کە ئەشێ تیۆرەمۆسیقاییەکوردیەکانی بەشێوەیەکی باڵاو زانستی تیا بەکار ببرێت، ئەوسا ئەتوانین کارەمۆسیقاییەکان و گروپەمۆسیقاییەکانمان لەئاستی باڵادابن.